نوێنەری تایبەتی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دیاریکرا

ئەمڕۆ دووشەممە، ئینتۆنیۆ گوتێرێس سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستبەکاربونی مەحمەد حەسانی وەک نوێنەری تایبەتی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دیاریکرد.

مەحمەد حەسان بۆ ماوەی سێ ساڵ ئەو ئەرکەی پێسپێردراوەو بیارەی جێگەی جینین پلاسخارت بگرێتەوە، هەروەها سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سوپاسی ناوبراوی کرد کە لەماوەدا ئەرکەکانی یونامی بەباشی ئاپەڕاندووە.

محەمەد حەسان خەڵکی وڵاتی عومانەو ئەزمونی 30 ساڵی لەکاری دیپلۆماسیدا هەیە، پێشتر نوێنەری هەمیشەیی عومان بووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، پێش ئەوەش چەندین ئەرکی جێراوجێری لە وەزارەتی دەرەوەی عومان پێسپێردراوە.